# ئایە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە یان کێشەیەکی دیموکراتی؟



26.11.2005شەممە
**دەرسیم دیبەگەیی**
Darsim88@hotmail.com

هەر دوا بەدوای ڕاپرسییەکەی 15.10.2005دا کە لەپێناوی دەنگدان بۆ پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی ئێراقی ئەنجامدرا، سەرکردایەتی کوردو تەواوی پارتە کوردستانییەکانی نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی ئەوەی کە هەڵبژاردنی 15.12ی داهاتوو، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە بۆ داهاتووی کوردستانو خەڵکی کورد. میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەند ڕۆژێکە بەهەمان زمان دەستیان کردووە بەداواکردن لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردندا لەپێناوی پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بەقسەی خۆیان کە لەداڕشتنی دەستووری هەمیشەییدا بەدەستیان هێناوە! هەروەها چەند ڕۆژێک لەمەوبەریش قادر عەزیزی سکرتێری پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەدیمانەیەکی (کوردسات)دا دەربارەی پێویستی دەنگدانو بەشداریکردنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئێراقدا، باسی مەترسی ئەوەیکرد ئەگەر بێتوو خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن نەکەنو هاوپەیمانی کوردستان دەنگی پێویست نەهێنێت، ئەوە دوورنییە شۆڤینیستانی عەرەب مادەی 58 و فیدراڵی کوردستان لە دەستوور لابدەن!

هەروەها ڕۆژی 11/21 لە شاری کەرکوک پارتە کوردستانییەکانی نێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کۆنگرەیەکی فراوانیان ئەنجامدا بەمەبەستی خستنەڕوی بەرنامەی کاری لیستەکەیان، بانگەشەکردن بۆ دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێراق کە بڕیارە ڕۆژی 2005/12/15 ئەنجام بدرێت. لەو کۆنگرە فراوانەی کەرکوک، پەیامی هاوپەیمانی کوردستان لەلایەن لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک خوێندرایەوەو، کوردستانی نوێ، ژمارە (3829)ی سێشەممە 22.11.2005 دەقی پەیامەکەی لە لاپەڕە (1)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش بەشێکە لەو پەیامەی پارتە کوردستانییەکانی نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان:

(ڕۆژی 15.12.2005، هەڵبژاردنێکی دیکەی سەرتاسەری لەعێراقدا ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی دیاریکردنی پەرلەمانێکی تەمەن چوار ساڵە بۆ هەموو عێراق، کە یەکێک لەئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەم پەرلەمانە بریتی دەبێت لەدەرکردنی یاسا بەپێی ئەو دەستوورەی کەخەڵکی عێراق بەزۆرینەی دەنگ پەسندیانکرد، جگەلەوەی کەئەرکێکی تری ئەم پەرلەمانە یەکلاکردنەوەی زۆر لەکێشە هەڵواسراوەکانی کۆمەڵگای عێراقیو کوردستانە، بەو کێشەو گرفتانەشەوە کە بۆ خەڵکی کوردستان چارەنووسسازو نەتەوەییو ستراتیژینو هەموو خەباتی خەڵکی کوردستان لەپێناوی بەدیهێناندا بووە، هەر بۆیە دەنگدانتان لەڕۆژی 15.12.2005 بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، دەنگدانە بەو ئاواتە نەتەوەییو نیشتمانییانەی دەیان ساڵە گەلەکەمان لەپێناویاندا خەبات دەکاتو قوربانی دەدات، دەنگدانە بەلیستی هێزە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەکانی سەنگەری بەرگریو بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان).

بەر لەهەموو شتێک ئەو پەیامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بڕوا بوونە بەدۆزی کورد وەکو کێشەیەکی دیموکراتی لەئێراقدا، نەک وەکو دۆزی نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو. هەرکەسێکیش بەدیقەتەوە سەرنجی ئەو پەیامەو قسەکانی قادر عەزیز بدات، بەئاشکرا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو لیستەو سەرکردایەتی کوردستان، دۆزی نەتەوەکەمانیان لە باشووری کوردستاندا، لەدۆزێکی نەتەوەیی‌یەوە بۆ کێشەیەکی دیموکراتی، بچووکو نزم کردۆتەوە، ئەمەش مەترسییەکی ئێجگار گەورەی دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی دۆزی کوردو کوردستان، چونکە دۆزی کوردو کوردستان، لەڕاستیدا دۆزی نەتەوەیەکی ژێردەستەیە کە لەسەر خاکەکەی خۆیدا کە کوردستانە دەژیتو خاکەکەی داگیرو دابەشکراوە، نەک کێشەیەکی دیموکراتی وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕۆژنامەو چاپەمەنی، دامەزراندنی ڕێکخراو یان پارتی سیاسیو مافە مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکان بێت، تاوەکو لەئەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراتیو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی دیموکراتیدا، چارەسەر بکرێت! ئەوانەی پێیان وایە دۆزی کوردو کوردستان لەئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی دیموکراتیدا لەئێراق، چارەسەر دەکرێتو کوردستانییەکان بەمافی ڕەوای خۆیان دەگەن، ئەوە گەورەترین هەڵەی مێژوویی دەکەن، چونکە باوەڕبوون بە کارێکی وا مانای

**ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد، کلیلی چارەسەرکردنی دۆزی کوردو کوردستان ڕادەستی نوێنەرانی نەتەوەی ستەمکارو داگیرکەر کە عەرەبن دەکات، ئەمەش مانای وایە کەچاوەڕێ بین، شۆڤینیستو بەعسیو ئیسلامییە تیرۆریستو توندڕەوەکانی بەناو (دەستەی زانایانی ئیسلام) یان حزبی ئیسلامی ئێراقی، مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەباشووری کوردستاندا بسەلمێنێت! چارەڕێکردنی مافێکی وا لەو جۆرە لایەنە عەرەبییانە وەکو ئەوەیە لەچاوەڕوانی (گۆدۆ)دا بینو گۆدۆش هەرگیز ناگات، چونکە عەرەب، تەنانەت لایەنە بەناو دۆستەکانی کوردو بەر لەهەموویان شیعەکان کە حکومەتی هاوبەشیان لەگەڵ کورد دامەزراندووە، ئەوەندە بەویژدان نین لەگەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیانیدا، ئەگەر ئەوەندە بەویژدان بوونایە، سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتو کاولکارییانەی بەسەر کوردو کوردستاندا هاتووە، ئەوە وازیان لە تەعریبکردنو داگیرکردنی شارەکانی کوردستان دەهێناو دۆزی کورد بەبێ هیچ کێشەیەکو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر دەبوو.**

**هەمووشمان دەزانین لەهەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی ئێراقیدا، هێزە ڕامیارییەکانی ئێراقی بگرە لە شۆڤینیست، بەعسی، ئیسلامی تیرۆریست، ئیسلامی توندڕەو، عەرەبی نەتەوەپەرست، ئێراقچی عەرەبی، دیموکراتی تا ئەو پەڕی چەپڕەو کە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقە، بەچڕی بەشداری دەکەن. جگە لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی، هیچ یەکێک لەوانەی تر، ئەگەر لەناچاریدا نەبێت نەک هەر باوەڕیان بە کوردو کوردستان، فیدرالی، یان جێبەجێکردنی مادەی 58 نیە، بەڵکو مافی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی سەددامی گۆڕبەگۆڕیش بە کورد بەڕەوا نازانن! ئەی ئەوە نییە هەموویان لەسەر تەعریب کۆکنو تەگەرە دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی 58 ی لادانی ئاسەواری بەعەرەبکردنی شارەکانی کوردستانو کوردستان بەخاکی عەرەب دەزانن‌و هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە ئێراق بە کوردستان-یشەوە بەوڵاتێکی عەرەبی بناسێنن؟**

**ئاشکراشە لە پەرلەمانی داهاتوودا، لە عەرەبە شۆڤینیستەکانو ئەوانەی زۆر سەرسەختانە دژ بەخواستە ڕەواکانی کوردن، نوێنەریان دەبێتو کاریگەرییان بەسەر هەموو بڕیارەکاندا لە پەرلەمانو حکومەتدا دەبێت، هەروەها لیستی هاوپەیمانی کوردستان-یش ئەو قورساییەی جارانی نامێنێت، چونکە بەدڵنیاییەوە ئەمجارەیان نەدەتوانێت ببێتە دووەم لیستی نێو پەرلەمان وە نەدەشتوانێت ئەو ڕێژەیەی کە پێشتر هەیبوو بیپارێزێت یان بەدەستی بێنێتەوە، بۆیە بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئایندە هیچ لایەنێکی ئێراقی نەدەیەوێت وە نەپێویستی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەبێت، لەپێناوی بەستنی جۆرێک لەهاوپەیمانێتی بۆ دامەزراندنی حکومەتو مسۆگەرکردنی زۆرینەی دەنگەکان لەنێو پەرلەمانی ئێراقیدا بۆ ئەوەی ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لەوێوە دەردەچن بەئاسانیو بێ هیچ بەرەنگارییەک تێپەڕن.**

**کەواتە ڕادەستکردنی چارەسەری دۆزی کوردو کوردستان بە پەرلەمانی ئێراقی، مانای ئەوەیە کە نەتەوەی سەردەستو داگیرکەر واتە عەرەبی ئێراقی بڕیار لەسەر چارەنووسو دواڕۆژی کوردو کوردستان بدات، چونکە گومانمان لەوەدا نییە ژمارەی ئەندامانی عەرەب لە پەرلەمانی داهاتوودا سێ تا چوار بەقەد ژمارەی ئەندامانی کورد دەبێت. کاتێ کە سەرکردایەتی کورد خۆی چارەسەری ئەو دۆزە ڕادەستی پەرلەمانی ئێراقی بکات، کەواتە دەبێت پابەندی هەر چارەسەرێکیش بێت کە ئەوان بۆی دیاری دەکەن، هەمووشمان دەزانین کە شۆڤینیستو بەعسیو ئیسلامییەکان، خاڵەکانی تایبەت بە فیدراڵی، مادەی 58، بەفەڕمی ناسینی زمانی کوردیو هەر خاڵێکی تری ناو دەستوور کە لەبەرژەوەندی کوردو کوردستانییەکاندا بێت، لایدەدەن.**

**وە بەگوێرەی گشت پرەنسیپو یاسایەکی نێەنەتەوەیی، بڕیاردان لەچارەنووسی نەتەوەی ژێردەست ئەوە دەبێت نەتەوە ژێردەستەکە خۆی بڕیاری لەسەر بدات، کەچی لەوەشیاندا بەناو سەرکردەکانی ئێمەی کورد، داگیرکەرو دوژمنانی سەرسەختی خۆمان سەرپشک دەکەن لەوەی کەچی بە ئێمەی چەوساوە بەڕەوا دەبینن! وابزانم ئەوە وتەیەکی (لینین)ەو نازانم لە چ سەرچاوەیەک وەرم گرتووە کە دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینە بابزانین ئەو چیمان پێ دەڵێت: (هەر نەتەوەیەک بەبڕیاری پادشایەک یا حکومەتێک بە نەتەوەیەکی ترەوە پەیوەست کرا، نەک بەویستی ئازادانەی زۆربەی ئەندامانی نەتەوەکەی خۆی، ئەوا ئەو نەتەوەیە زۆرلێکراوەو پابەندکراوە. لەدژ وەستاندنەوەی پابەندکردن ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی بدرێتێ دەولەتێکی سەربەخۆ بۆخۆی دابمەزرێنێت).**

**هیوادارم ئەو نووسینەم ببێتە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ نووسینی چەندین ووتار لەسەر بابەتێکی گرنگی وادا، کە بەبۆچوونی من ئەوەندە دێنێت زۆری لەسەر بنووسرێت!**